چێلسی بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە لیڤەری بردەوە

لە خولی ئینگلتەرا یانێی چێلسی بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە لیڤەری بردەوە و پاڵەریش رێژووی گۆڵ تۆمارکردنی شکاند.

لە یارییەکی هەفتەی 35ی خولی ئینگلتەرا، یانێی لیڤەرپوولی پاڵەوانی خولەکە بووە میوانی چێلسی.

تایمی یەکەم، دوای تێپەڕینی سێ خولەک ئینزە گۆڵی یەکەمی بلوزی تۆمارکرد، تا کۆتایی ئەو تایمەش ئەنجامەکە بەو تاکە گۆڵە مایەوە.

لە تایمی دووەم، کوانسای بەرگریکاری لیڤەر لە خولەکی 56 بە هەڵە گۆڵێکی لە خۆیان تۆمارکرد و ئەرکی خۆیانی قورستر کرد، هەرچەندە ڤان دایک لە خولەکی 85 ئەنجامەکەی کەمکردەوە، بەڵام پاڵەر لە کۆتا خولەک بە لەدانی سزا گۆڵی سێیەم و دەنیایی نوسیەوە و رێژووی گۆڵ تۆمارکردنی خۆی شکاند.

سەرەنجام یارییەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە سودی چێلسی کۆتایی هات، بەم ئەنجامە لیڤەری

پاڼوان خاڼکانی بې 82 خاې مایوې و چڼسی بې کېکردنوې 63 خاې لې پلې پېنجم دېبیندرې.